لەنێوان زاناکان و ئەوانەی تەنها خەریکی عیبادەتن

کامیان لەلای شەیطان بێزراوترن؟

له الدرر السنية هاتوه (3/265) لەهاوەڵی بەڕێز ابن عباس گێڕدراوەتەوە کەشەیطانەکان وتیان به ابلیس ئەی گەورەمان بۆچی ئەبینین ئەوەندە دڵخۆشی بەمردنی زانایەک بەڵام هێندە دڵخۆش نیت بەمردنی ئەوکەسەی تەنها خەریک عیبادەتە؟

قال انطلقوا فانطلقوا إلى عابد فأتوه في عبادته فقالوا إنا نريد أن نسألک فانصرف فقال إبليس هل يقدر ربک أن يخلق مثل نفسه ؟ فقال لا أدري فقال أترونه لم تنفعه عبادته مع جهله ؟! فسألوا عالما عن ذلک ؟ فقال هذه المسألة محال لأنه لو كان مثله لم يكن مخلوقا فكونه مخلوقا وهو مثل نفسه مستحيل فإذا كان مخلوقا لم يكن مثله بل كان عبدا من عبيده. فقال أترون هذا يهدم في ساعة ما أبنيه في سنين ؟!

ابلیس وتی وەرن لەگەڵم ڕۆشتن بۆلای عابدێک (ئەوکەسەی خەریکی عیبادەتە) لەوکاتەدا چوون بۆلای کەخەریکی عیبادەت بوو وتیان هاتووین پرسیارێکت لێکەین.

ابلیس وتی ئایا پەروەردگارت لەتوانایدا هەیە کەسێک وەکو هاوشێوەی خۆی دروست بکات ؟ عابدەکە ووتی نازانم ابلیس بەداردەستەکەی خۆی وت بینیتان عیبادەتەکەی سودی پێ نەگەیاند لەگەڵ نەزانیەکەیدا

دوواتر ڕۆشتن بۆلای زانایەک هەمان ئەوپرسیارەیان لەزانایەک کرد زاناکەش ووتی ئەمە مەحاڵە چونکە گەر ئەوکەسە وەک هاوشێوەی خودی الله تعالی بێت ئەوا مەخلوق نەئەبوو بەڵام کەواتا کەمەخلوقە لەهەمان کاتدا هاوشێوەی الله تعالی بێت ئەمە شتێکی مەحاڵە بەڵکو ئەبێتە بەندەیەک لەبەندەکانی الله تعالی. ابلیس وتی ئەمەتان بینی ؟ ئائەمە لەیەک کاتدا ئەوە ئەڕوخێنێت کەمن بەچەندین ساڵ بونیادی ئەنێم.

له مفتاح دار السعادة ابن القیّم (2/69) بەشێوازێکی تر هاتوە کەشەیطانەکان وابلیس هات بۆلای عابدێک کەخەریکی عەبدایەت ی بوو وتیان ئێمە هاتوین پرسیارێکت لێ بکەین.

فقال إبليس هل يقدر ربک أن يجعل الدنيا في جوف بيضة؟ فقال لا أدري فقال أترونه كفر في ساعة.

ابلیس وتی ئایا پەروەردگارت ئەتوانێت دوونیا هەمووی لەناو توێکڵی هێلکەیەکدا کۆبکاتەوە عابدەکە وتی نازانم ابلیس وتی بینیتان چۆن لەیەک کاتدا کافربوو ؟

پاشان هاتن بۆلای زانایەک کەلەکۆڕێکی زانستیدا بوو قسەی بۆ هاوەڵەکانی ئەکرد شەیطانەکان وتیان ئێمە ئەمانەوێ پرسیارێکت لێ کەین.

فقال سل فقال هل يقدر ربک أن يجعل الدنيا في جوف بيضة؟ قال نعم قالوا كيف؟ قال يقول كن فيكون.

زاناکە ووتی بپرسە وتیان ئایا پەروەردگارت ئەتوانێت دوونیا لەناو توێکڵی هێلکەیەکدا کۆکاتەوە ؟ زاناکە ووتی بەڵێ وتیان چۆن ؟ زاناکە وتی الله تعالی ئەفەرموێت (ببە دەست بەجێ ئەوشتە ئەبێت).

هەربۆیە شـــەیطانـــەکان لەمرۆڤـــەکان وجـــنۆکەکان خۆشحاڵن بەلەناوچوونی زاناکان تاوەک عابدەکان چونکە زاناکان لەیەک کاتدا ئەوە ئەڕوخێنن کەشەیطانەکان بەچەندین ساڵ بونیادیان ناوە بەڵام کێشەیان لەگەڵ عابدەکان کـەمترە چونکە عیبادەتێک بەجەهلەوە بکرێت زۆرکات ئاوا خاوەنەکەی لەکافربوونەوە سەری دەرئەچێت هەربۆیە ابلیس خۆشی ئەزانێت کەسێ عیبادەت ئەکات بەجەهلەوە بەیەک شوبهە توشی هەڵگەڕانەوە وکوفری ئەکات بەڵام زاناکە نەک خۆی توشی کوفرنابێت بەڵکو ڕێگای خەڵکیش ڕووناک ئەکاتەوە.

کـــامیـــان ؟